# ئیلهام حاڵەتێکی تایبەتە لە وروژان.. گفتوگۆیەکی ئەدەبی لە گەڵ ژنەشاعیری کورد«کەژاڵ ئیسماعیل»

**ئامادەکردن: ک. ئەردەڵان**

• پێشەکی سوپاست ئەکەم بۆ ئەم گفتوگۆیە. پرسیاری یەکەمم ئەمە ئەبێت ئایا کەژاڵ خانم پێی خۆشە خۆی وەک چی بە خوێنەران بناسێنێت؟



ـ بەرلەوەی خاوەنی هەر پیشەیەك یا نازناوێك بم وەك ژنێك خۆم دەناسێنم، ناوم «کەژاڵ ئیسماعیل عەبدوڵڵا»یە، لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی هاتوومە دونیا، پلەکانی خوێندنم لەو شارە تەواو کردووە و چەند ساڵێك وەك مامۆستا لە قوتابخانەکانی دەرەوەو ناوەوەی شاری سلێمانی کارم کردووە، ئێستاش لەگەڵ خێزانەکەم چەند ساڵێکە لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێم.

• کەژاڵ خانم ببوورە من مەبەستم ئەمەبوو، تۆ خۆت زیاتر وەک شاعیر ئەناسێنیت یان نووسەر و چالاکی بواری ژنان؟

ـ بێگومان من هێشتا خۆم لەم پلەیەدا نابینم کە لەزمان خۆمەوە خۆم وەک شاعیر بناسێنم، ئەوە خەڵك و خوێنەرن کە دەبێ ئەم نازناوە بەمن ببەخشن. بەڵام مادام پرسیارەکەت ئاراستەکردووم بەڵێ، زۆر دەمێکە شیعر دەنووسم و لەم بارەیەوەخۆم بە هۆگری شیعر دەزانم، هەرچەن زۆر درەنگ دەستم بەبڵاوکردنەوەیان کردووە. هەروەها لەبواری مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت کێشەی ژنان خەریکی نووسینم کە جگە لە شێعر گەلێك بابەت و نووسراوەم لەماڵپەڕە کوردییەکانی دەرەوە و، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوەوەی کوردستان بە بەردەوامی بڵاودەبنەوە.

• هۆی ئەمە چی بووە، درەنگ دەستت بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانت کردووە؟

ـ زۆرجار ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بوومەتەوە ئەویش هۆکاری دەگەڕێنمەوە بۆ نەبوونی دەرفەت یا چەند هۆکارێك تایبەت بە ژیانی شەخسی خۆم. دیارەلەم چەن ساڵەی دواییدا کە لەدەرەوە دەژیم، باش بوو ئەم دەرفەتەم بۆ هەڵکەوت کە ئەوە ماوەی نزیکەی دوو ساڵێك دەبێت شیعر و نووسراوەکانم بڵاودەکەمەوە.

• وەک ئەزانی من لە کورتە نووسینێکمدا جەنابتم لە بواری شیعرەوە وەک دەنگێکی تازەی ژنان ناساندبوو، خۆت لەم بارەیەوەچی ئەڵێی؟ ئەو دەنگی تازەیە ئەبێ چ تایبەتمەندییەکی ببێت؟

ـ من لێرە دا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم لە بەرابەر ئەو وتارەی نوسیبووتان، هەر وەك خۆت ئاماژەت پێدابوو لە وتارەکەتدا کە ئایا ئەم شیعرانە دەبێت هەستی کەسێك بێت کە تازە هاتبێتە دونیای شیعرەوە؟ ئەوە خۆی بۆ خۆی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بەڕێزت کردووتە واتە هەم پرسیارە و هەم وەڵامیشە! ڕاستە من تازە شیعر بڵاو دەکەمەوە، بەڵام ئەوە پەنگی ئەو کانییە وشەن کە لە ناو سینەمدا ساڵانێکی زۆر مابۆوە و ئێستا وەك ڕووبارێك پڕ لە سۆز و خۆشەویستی و جوانی و وەفا بەرەو دەریای ئەدەبم دەبا.

لەراستیداخولیای من بۆ دونیای شیعروئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك كە منداڵ بووم. هەمیشە شیعری شاعیرە ناودارو گەورەكانم دەخوێندەوە و زۆر بایەخم ئەدا بە بابەتە كۆمەڵایەتییەكان. هەر لە تەمەنی چواردە ساڵیمەوە هەستم ئەكرد كە ئەتوانم شیعرو پەخشان بنووسم و ژمارەیەكی زۆر شیعری ئەو كاتەم هەر ماوە كە بە زمانی كچێكی مێردمناڵ نووسراوەو زۆرم خۆشدەوێن. بەڵام ئێستاخۆشبەختانەتوانیومە لە ماوەیەكی كەمدا لەڕێگەی شیعرو بابەتی كۆمەڵایەتییەوە خۆم بەخەڵكی بناسێنم و قەڵەمەكەم بگەیەنمە ناوەوە و دەرەوەی كوردستان و سەرنجی ئاشقانی شیعر بۆ لای شیعرەكانم ڕابكێشم.

بێگومان هەر شاعیرێك شێوازێكی تایبەت و ستایلێكی جیاوازی هەیە. منیش وەك ژنێك هەوڵم داوە یابابڵێم وەك دەنگێكی ژنانە زۆر بەڕاشكاوەی ئەوی هەستی پێدەكەم و لە منداڵییەوە لەناخمدا پەنگی خواردووەتەوە دەری ببرم. وە زیاتر خۆشحاڵم بەوەی لە هەر كوێیەك ئاشقانی شیعر هەبن چ لە ناوەوەی كوردستان یا لە وڵاتانی دەرەوە، شیعرەكانم سەرنجی ڕاكێشاون و، خوێنەری باشیان هەیە. دیارە ئەوەش زیاتر هاندەرێكە بۆ من وەك ژنێك، كە دەنگی ژنانەم بگەیەنمە هەموو لایەك و لەمەڕ بابەتی كۆمەڵایەتی، نیشتمانی، ژنانە و ئەوینداری بنووسم.

• كەژاڵ خانم بەنەزەری جەنابت، پێت وایە شیعر ئەم ئەركەی لێ چاوەڕوان ئەكرێت كە بتوانێ گۆڕانكارییەكی كۆمەڵایەتی و كولتووری پێكبێنێت و بەرەو باشكردنی پەیوەندییەكانی مرۆڤایەتی لەنێوان ژن و پیاوا نەخشێكی بەرچاوی هەبێت؟

ـ ئەوی لای هەمووان ئاشكرایە شیعر مێژوویەكی گەورەو درێژی هەیە و وەك چمكێكی گرنگ لە ئەدەب بایەخی پێدراوە. ئێمە خاوەنی زەخیرەیەكی پڕ بەهاو شاعیرانێكی زۆر بەرزو ناودارین كە بوونەتە قوتابخانەی شیعری كوردی. بەڵام ئەوی جێی سەرنجە لە ئەمڕۆی دونیای شیعری كوردیدا شیعر خەریكە بەهاو پیرۆزی خۆی لەدەست ئەدات. نازانم هۆكاری ئەوەیە كە تازەگەری و داهێنان نییە یا خوێنەر نییە؟

ئەمڕۆ ژمارەیەكی باش لە شاعیرانمان، قەڵەمیان جێگەی سەرنج و خۆشحاڵی یە. بەڵام هەوڵێكی كەم دەبینرێت، ئایا وەك بەرێزت دەفەرموویت بەشی گۆڕینی ئەو هەموو قەهر و زوڵم و گەندەڵییە دەكات لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا بێگومان ئەگەر شاعیران لە هەوڵی چارەسەركردنی كێشەكانی ناو كۆمەڵدا كاربكەن لە ڕێگەی نووسینەوە و، داوای سەربەستی و ئازادی و بەرز ڕاگرتنی ژن بكەن و هەموو دابونەریتێكی كۆنی كۆمەڵایەتی چەوت و دژ بەژن مەحكووم بكەن، دەبێت گۆڕانێك لە كۆمەڵدا دروست بێت كە ئەویش پابەندە لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی و وشیاری خوێنەر، بەڵام ئایا كۆمەڵگای كوردەواری گەیشتۆتە ئەو ئاستە لەڕێگەی شیعرەوە بتوانێت گۆڕانكاری لە پەیوەندییە مرۆڤیەكانی نێوان ژن و پیاو دروست بكات و لەڕێگەی شیعرەوە زوڵم و تاوان بەرامبەر ژن ئەنجام نەدات؟ ئەوەخۆی لە خۆیدا، چەند پرسیارێك بەدوای خۆی كێش دەكات و وەڵامیان وا لای خوێنەرانی شیعرە.

• بیروبۆچوونت لەسەر تیكنیكی نووسینی شیعر بەگشتی و، شكڵ و ناوەڕۆك بەتایبەتی چییە؟

ـ شیعر چەند بنەمایەكی تایبەتی هەیە كە پێویستی ڕەچاو كردنن لەكاتی نووسیندا بەپێی جۆر و بابەتی شیعرەكە. بەگشتی شیعر پێویستە لە مانا و فۆرمدا تەواو بێت. بە واتاتەكی تر ناوەڕۆك و شكڵ یان كاكڵ و توێكڵ پێكەوە گونجاو بن بۆ گەیاندنی مەبەستی شاعیر. هەروەها بە زمانێكی سادەو شیرین بنووسرێت هەتا خوێنەر چێژی لێوەربگرێت. هەر شاعیرێك بۆخۆی سەربەستە لە هەڵبژاردن و

دارشتنی ئەو بابەتەی کە دەبێتە کەرەسەی نووسینی شیعرەکە و دەتوانێت زمانێکی میوزیکی فەنتازی تێدا بەکاربهێنێت کە خوێنەر بەرێتە ئەو دونیایەی کە شاعیر لە زەینیدا بەرجەستەی کردووە.

• ببوورە، تۆ خۆت زیاتر بە کام شێواز شیعر ئەنووسیت؟

ـ ئەگەر مەبەستت لە شێواز ئەم ستایلەیە کە بەشێوەی باو، دوو جۆری کلاسیک (خاوەنی کێش و قافیە) و نوێ واتە حوڕ یا ئازاد دەگرێتەوە، ئەوا من بەم شێوازە نوێیە دەنووسم کە زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی ئەم سەردەمە پێی دەنووسن. دیارە ئەو شێواز و ستایلەی کە شاعیرانی کلاسیکی کورد وەک نالی و خانی و مەلای جزیری و مەحوی و حاجی قادر و هیتر پێیان نووسیوە، ئەگەر شاعیرانی ئەمرۆش بتوانن تەواوی ئەو مەسەلە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر ژیانی خەڵکی ئەم سەردەمە کارتێکەریان هەیە بیخەنە ناو چوارچێوەی شیعرەوە، تەبعەن کارێکی جوان و سەرکەوتوو دەبێ. بەڵام لەبەر ئەوە کە شیعریش وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو دەبێ خۆی لەگەڵ هەلومەرجی ژیان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە بگونجێنێ، پێویستە خۆی نوێ بکاتەوە. هەروەها شێواز و ستایلی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە کە ڕەنگدەرەوەی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی مرۆڤی سەردەم بێت.

• هەر لە درێژەی ئەم باسەدا، ئایا ئەکرێت لایەنی بەهێز و لاوازی شیعری ژنان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بخەیتەڕوو؟

ـ راستە شیعری ژنان تایبەتمەندی خۆی هەیە و زمانی ژن جیاواز لە زمانی پیاو ئەدوێت. ئەمڕۆ خۆشبەختانە ژمارەیەك شاعیری ژن لە باخی شیعردا گوڵ دەگرن. ئەمەش خەونێکە بە بەردەوامی و ئازایەتی ئەو ژنانە دێتەدی و، خوازیارم بتوانن لەڕێگەی شیعرەوە ئەو ئازار و غەمانە بەرجەستە بکەن کەلەکۆمەڵگای ئێمەدا ژن ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. هەروەها بتوانن وەك کەسانێکی ئازادیخواز بوێرانە شیعر بکەنە ئەو دەروازەیەی کە لەرێگەیەوە ژن خود و کەسایەتی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام بەداخەوە بۆ کۆمەڵگایەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە ڕۆشنبیر و خاوەن مێژوو ژمارەی ئەو ژنانەی لە بواری شیعردا دەنووسن کەمن. من بۆخۆم دەستخۆشی لە هەموو خانمێکی خاوەن بەهرە و قەڵەم دەکەم و خوازیارم هەر ژنێك تواناو بەهرەی ئەدەبی و هونەری لەخۆیدا بەدی دەکات بوێرانە قەڵەم بکاتە چەکی داکۆکیکردن لەمافی خۆی و ژنانی هاوڕەگەزی و، وەك کانییەك ژیان ببەخشێتە بێستانی شیعرو ئەدەب.

• کەژاڵ خانم خۆت وەک ژنێکی شاعیر، ئەو وەسف و پیاهەڵدانەی کە پیاوان بەنیسبەت ژنان لە شیعرا ئەیکەن، تا چ ڕادەیەک لە ناخی دڵەوەیە.. ئایا ئەمە خۆی جۆرێک بازارگەرمی و فریودانی ژنان نییە؟ تکایە نەزەری خۆتمان بەڕاشکاوی پێ بێژە.

ـ پێشتر ئاماژەم بەو خاڵەدا کە هەر شاعیرێك تایبەتمەندی و ستایلێکی تایبەت بە خۆی هەیە. لێرەدا مەبەستم لە شاعیرە پیاوەکانە بەگشتی، هەندێك لە شاعیران بە شێوەیەکی جوان باسی ژن دەکەن و داکۆکی لە ماف و ئازادی و کەسایەتی ژن دەکەن و بەرز ئەینرخێنن. بەڵام هەندێکی دیکە لە شاعیرەکان بەپێی ئارەزوو و حەزی خۆیان دەڕواننە ژن و بەشەکانی جەستەی ژن دەکەنە سەردێڕی شیعرەکانیان و بەجۆرێك جلەکانی بەری هەڵدەخەن بەتەنافی خەیاڵ و ئیلهامی شەویاندا هەموو ژیانیان ئەبێتە ماچێك یا لێئالاندنێك لەگەڵ ژندا.

من ئەمە هەرگیز بە خۆشەویستی نازانم هەروەك بەڕێزت بە بازاڕ گەرمی ناوت بردووە. حەتمەن بۆخۆی ئەمە ڕاستی یە و نکۆڵی لێناکرێت. لێرەدا من ڕێزم بۆ هەموو شاعیران هەیە و ناوی کەس

ناهێنم، بەڵام نموونەی ئەو جۆرە شیعرانە زۆرن. لێرەدا تەنها سەرنج بۆ خاڵێك ڕادەكێشم ئەگەر ژن هێندە جوان و بەتام و پیرۆزە لای ئەوان، باشتر وایە كەمێك لەو زوڵم و زۆریی و قەیرانەی كۆمەڵ لەسەری داناوە كەم بكەنەوەو، وەك باوك و برا و كوڕ و هاوسەر و خۆشەویستی ژن داكۆكی لە مافەكانی بكەن. پێم وابێت ئەمە ترۆپكی خۆشەویستی پیاوە بۆ ژن نەك پیاهەڵدان. گومان لەوەشدا نییە كە ژن هەمیشە هەوێنی ئەشق و جوانی و ڕازونیاز و گلەیی و خۆشبەختی شیعری پیاو و نیوەجوان و میهرەبانەكەی كۆمەڵە.

• وەک ئەزانی، هەر کام لە شاعیران بەجۆرێک قسە لە ڕووداوی خۆش و ناخۆش ئەکەن کە فلان و فیسار مەسەلە و دیاردە هەستیان ئەجووڵێنێت و ئەبێتە هەوێن و ئیلهامی شیعریان. ئایا ئەم مەسەلەیە بەنیسبەت کەژاڵ خانم چییە و چۆنە؟

ـ شیعر لای من ئیلهامە، گەر ئیلهام نەبێت شیعر لە دایك نابێت. هەموو شیعرێك لە ئەنجامی ڕووداو و بەسەرهات و كارساتی خۆش یا ناخۆش دروست دەبن، هەر كەس توانای شیعر نووسینی هەبێت جیاواز لەكەسێكی ئاسایی باس لەو هەست و سۆزو خۆشی و ئازارانە دەكات كە ناخی دەبزوێنن. شیعر دەبێتە زمان حاڵی شاعیر و گوزارشت لە هەست و خوازەكانی دەكات و خەیاڵی تێكەڵ بەواقیع، شیعرێكی جوان و بەرز دێننە دونیا.
من بۆخۆم شیعرەكانم ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم و واقیعی ئێستای ژیانی كۆمەڵگە و دەوروبەرەكەمن. كەسێك شیعرەكانم بخوێنێتەوە لەو زمانە سادە و ساكارەی پێی نووسراون دەتوانێت بچێتە ناخی منەوە و لەمانایان تێبگات و، هەست بەم ئازارانە بكات كەمن دەیانبینم لەناو كۆمەڵدا.
منیش وەك ژنێك ژیان بە هەموو لایەنەكانییەوە، سروشت و نیشتمان كە هەمیشە لەخوێنمدان، ئازارەكانی كۆمەڵ و حرمانی مناڵی و ساتە خۆشەكانی تەمەن بوونەتە هەوێنی شیعرەكانم.

• بە ڕای جەنابت ئەم ئیلهامە چۆن بە شاعیر دەست ئەدات؟

ـ وابزانم ئەو سۆز و زەوق و جەزبەی كەبەهۆی بینین و بیستن و هەستپێكردنی شتێک لەناخی مرۆڤی نائاساییدا سەرهەڵدەدا، دەبێتەسەرەتای ئەو ئیلهامەی كەمەبەستمانە. دەربارەی ئیلهام گەلێک بیروبۆچوونی جۆاوجۆرهەیەكەبەشێوەی گشتی دەتوانین لەدوو هێلی سەرەكیدا ئاماژەی پێ بكەین. بیروبۆچونێک پێی وایەكەئیلهام دیاردەیەكی ئەوپەڕ سروشتی یە، كەبەهۆی هێزێكی غەیبی لەمرۆڤدا بەدی دێت و زەین و فكری بۆ ماوەیەک دادەگرێ و تووشی حاڵەتێی دەگمەنی دەكات. لەكوردەواری خۆشماندا بیروبۆچوونێكی وا لەئارادایە، بۆ نموونەكە دەڵێن: فلان شاعیر جندۆكەچۆتەجەستەیەوە، یا شەیتان چۆتەقاڵبییەوە.
بیروبۆچوونێكی تر ئەوەیە كە ئیلهام هیچ پێوەندییەكی بەهێزی غەیبی و دەرەوەی مرۆڤەوە نییە و دیاردەیەكی تەواو زەینی و فكری یە.
كە واتە، بەبۆچوونی خۆم، ئیلهام حاڵەتێكی تایبەتە لە وروژان.. وروژانێک كە بە هۆی كارتێكەری شتە هەستپێكراوەكان و كاردانەوەی ئەندامەكانی هەستونەست لەمرۆڤدا بەدیدێت. دیارەمرۆڤەكان لە هەر كات و ساتێكدا تووشی ئەو حاڵەت و وروژانە نابن. وا هەیە كەسێک یا شاعیرێک بە هۆی دیمەنێكی جوان و سەرسوورهێنەر، ڕووداوێكی خۆش و هەستبزوێن تووشی ئەو حاڵەتەبێت و، واش هەیە پێچەوانەكەی دروست بێت، واتە بە بینین و بیستنی ڕووداوی تاڵ و هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن شتی لەم چەشنە، ناخی ببزوێت و بوروژێت. بەكورتی، ئیلهام هەر ئەو هێزە وروژێنەرەیە، كە بە هۆی

سەرنجدان و تاقیکردنەوەو هەستپێکردن، ناخی شاعیر ئەجوولێنێت و ئەویش دواجار بەقسەی نائاسایی و بەزمانی شیعر هەست و ئیحساسی خۆی دەردەبڕێ و ئەو حاڵەتە دەگمەنە بەیان دەکات.

• هەروەک خۆشت ئاگاداری لەم چەن ساڵەی دواییدا توندوتیژی لەدژی ژنان زیاد بووە، ئایا هۆی ئەمە لەچیدا ئەبینی؟

ـ ئەوی جێگەی داخ و نیگەرانییە لەم سالآنەی دواییدا توندوتیژی بەرامبەر ژنان ڕۆژلە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە و بەجۆرێك پەرەی سەندووە ڕۆژ نییە ژنان ڕووبەڕووی سزای گەورەو زوڵم و زۆری کۆمەڵ نەبنەوەبەدەستی نزیکترین کەسانی خۆیان، هەر لە (کوشتن، هەتك کردن، لووت بڕین، سووتاندن... ) . بێگومان چەند فاکتەرێك لە پشت ئەو دیاردە ترسناکەوەن وەك: (نەبوونی وشیاری و ڕۆشنبیری، پابەندبوون بەدابونەریتی کۆنی کۆمەلآیەتی، بێویژدانی کۆمەڵ بەگشتی و نەبوونی قانوون بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و بێدادییەی بەرامبەر ژن ئەنجام ئەدرێن و، لە هەموویان گرنگتر سیستەمی «پیاوسالاریی» یە کە هەر لە کۆنەوە وەك ئایدۆلۆژیایەکی سەپێنراو لەکۆمەڵگادا حوکم دەکات. ئەتوانم بڵێم ئێمە بە درێژایی مێژوو وەك کۆمەڵگەیەکی پاتریکاڵ ناسراوین و هەمیشە ژن بە پلەی دوو هاتووە لە دوای پیاو، واتە وەك ڕەگەزی لاواز تەماشای ژن کراوەو، سایکۆلۆژیای ئێمە وا دروست بووە ملکەچی یاسا توند و دڕندەکانی کۆمەڵ بین. ئەمەش وای لە پیاو کردووە کە ژن بەچاوی کەمتر و نزمتر لەخۆی تەماشا بکات و، دەبێت پابەندی خوازو ئارەزوو و داواکانی پیاو بێت و ئەو سنوورە نەبەزێنێت کە کۆمەڵ لەسەری داناوە. بەمجۆرە ژن هەموو ماف و ئارەزوو و خوازەکانی زەوت کراوەو هەتا سەر ئێسقان ژن دەبوغزێنرێت. ئەگەر ژن، سنووری ئەو قەیرانە ببەزێنێت بەخراپترین شێوە دوچاری توندو تیژی و سزای کۆمەڵ دەبێتەوە.

• پێت وایە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەواریا، چارەسەریی کێشەی ژنان ئەبێت بەچ کاناڵ و ڕەهەندێکا تێپەڕبێت کە زووتر بەنەتیجەبگات واتە ژنان ئەبێ لەکام شێوە سوود وەربگرن بۆ ئەوەی پێش بەم توندوتیژییە بگرن؟

ـ پێم وابێت لە کۆمەڵگایەکی ئاوا بەو شێوەی باسم کرد زۆر زەحمەتە ژن بتوانێت هەموو مافێکی وەك مرۆڤ دەستەبەربکات و کارێکی وا ئەنجام بدات کە یەکسان بێتەوە لەگەل پیاودا، تەنها بە هەوڵدانی جدی نەبێت. من ناڵێم ژن یەك هەنگاو یەکسان بێت بەپیاو. خۆ هیچ نەبێت با وەك مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی خۆی، بەرزو پیرۆز چاوی لێبکرێت، وەچیدی بەو شێوە دڕندانەیە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. لێرەدا ژن دەتوانێت بۆخۆی ئەو هەنگاوە بنێت، ئەویش لەڕێگەی داکۆکی کردن لەمافەکانی خۆی وەك کەسێکی چالاك و کاریگەری ناو کۆمەڵ، سوود لە بوارەکانی ژیان وەربگرێت بۆچوونە ناو دونیای خۆپێگەیاندن، ئەویش بە برەودان بەخوێندن و خۆوشیارکردنەوە و کارکردن. هەروەها پێویستە خودی ژن بۆخۆی ئازادی خۆی دەستەبەربکات. من ئازادی یا رۆشنبیریی ژنان لەجلوبەرگ و ئارایشتکردندا نابینمەوە بەڵکو لەهاتنە ناو مەیدانەکانی ژیان و چەسپاندنی بوونی خۆی لەکۆمەڵدایە. ئەبێت واز لەبیرۆکەی لاوازی و ترس بێنێت. چون ئەو هەرلەمناڵییەوە گوێی بەو وشان ەئاخنراون کە شوێنی ئەو تەنها ناو ماڵە و، پیشەی ئەو منداڵبوون و ئیشی ناوماڵ و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی پیاوە. پێم وابێت ئەو کارەش هێند سەخت نییە و، تەنها پێویستی بە ئارامی و لەخۆبردوویی و ئازایەتی هەیە، دوور لەبیرکردنەوە لەخۆکوشتن و خۆسووتاندن و ملکەچکردن بۆ دابونەریت و بیر و کولتوورە گەندەڵەکان کەسەدان ساڵە ژنیان کردۆتە کۆیلەی نەزانی و دەردەسەری و مەرگ.
لە کۆتاییدا سوپاس و پێزانینم بۆ تۆی بەڕێز.

• منیش سوپاسی بەرێزتان ئەکەم و هیوام سەرکەوتنتانە.

www.kurdistannet.org

20:18 2006-10-3بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

• • •